# رۆژنامەگەری لەئێستای تیرۆرستەکان
# و
# شارستانیەتی نەوت دا

**جەلال بەرزنجی**

کەنەدا

2006/ 10/26

وەک ئەمبرتۆئیکۆ گووتەنی :(دوای 11-سێپتەمبەر شەڕ چیتر لە بەرەی رووبەڕو بوونەوەوگۆڕەپانی شەڕی نێوان دوو دەوڵەتی دوژمن نەما ,لە جلی رەسمی سەربازی شەڕی یەکتری بکەن.,ئەمە راستەوئێستا ستایلی شەڕ گۆڕاوەو بەرەکانیش گۆڕاون, شەڕی ئەمڕۆلە نێوان تیرۆرستانی بێ نیشتمان و بێ گۆڕەپانی دیاری شەڕی و ئەو گروپانە ن کەوا لە سێبەر دەژین و لە گەڵ ئەمریکا و بەریتانیا و ناتۆ وهەندێک وڵاتیانی تری هاوپەیمانی رۆژئاوا ,کەوا تاکوئێستا دوای سەرکەوتنیان بەسەر(تالیبانەکان و ئەلقاعیدە) کە کۆنترۆڵی ئەفغانستانیان کردبوو, وەهەروەها لادانی سەدامی دکتاتۆروتێکشکاندنی سوپاکەی لە عیراق ,کەهەردووکیان شەڕی بەرەو گۆڕەپانی دیار بوون , کە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی شەڕی ئاسان بوون ,بە ماوەیەکی کەم لێیان سەر کەوتن , بەڵام لە قوناغی دووەمی شەڕەکە کە(ئیکۆ) باسی دەکات, تاکوئێستا ,بەو هێزە زەبەلاحە (سوپەر پاوەرە)ی ئەمانە هەیانە نەیان توانیووە سەرکەوتنێکی بەر چاو بەسەر تیرۆرزمی سێبەرو جیهانیدا بە دەست بهێنن! چونکە ئەم شەڕە تەنیا بە توانای سەربازی یەک لانابێتەوە پێویستی بە هێزی ئەقلیشە دژە تیرۆر بەکاری بهێنێ بۆ لاواز کردنیان ,تیرۆرستەکان و چالاکییە خوێناوییەکانیان کە بە شێوەیەکی زۆر خراپ کاریان کردۆتە سەر ژیانی مرۆڤی ئێستا و بۆ دواوەیان گێڕاوەتەوە , ژیانی رۆژنامەگەری

کە زیاتر مەبەستی ئەم نووسینەمە لە زۆر وڵاتانی دنیا و شارستانییەتی

نەوت بەرەودواوە گەڕاوەتەوەو خراپ بووە وایان کردووەهەندێک لە وڵاتی پێشکەوتوو لە هەندێک پرنسپلی دیموکراسی خۆیان کە دوای ئەزمونێکی زۆر بەدەستیان هێناوە پەشیمان ببنەوە وای لی بێت

ولآتانی وەک موریتانیا و هایتی سەریەستی رۆژنامەگەریان لە ئەمریکاو روسیا و زیاتر تیدابێت(وەک لە راپۆرتی ساڵانەی رۆژنامە نووسانی بێ سنوور) هاتووە .تیرۆرزم کاریگەری خراپی لە سەرسیاسەتی(پۆلەسی) ولآتە پێشکەوتووەکان لە هەموو بوارەکاندا هەیە . لە راپۆرتی ساڵانەی (رۆژنامەنووسانی بێ سنووری) ی ئەم ساڵدا کەوا هەموو ساڵێک 168ولآت لە بارەی رەوشی سەربەستی رۆژنامەگەری و رەچاو کردنی یاسای رۆژنامەگەری هەڵدەسەنگێنن , پلەی تیادا بوونی سەربەستی رۆژنامەگەریان دیاری دەکەن . لە راپۆرتی ئەمساڵدا ئەمریکا 9 پلە دابەزیوەتە خوارەو بووەتە53 یەمین ولآت وەک ولآتانی (بوتسوانیا وکرواتیای ) لێ هاتووە, لە راپۆرتەکەوە هاتووە , کەوا روسیاش 9 پلە دابەزیوەو بۆتە ولآتی ژماە 146 یەمین , واتە سەربەستی رۆژنامەنووسی لەروسیاش لەژێر ئەتمۆسفیرێکی زۆر تەنگدا دەژیت !

دانیمارک , دوای بلآو بوونەوەی ئەو کۆمەلە کاریکاتێرانەی هەرایان نایەوە ئەتمۆسفیری سەربەستی رادەر برین لای رۆژنامەنووسان تەسک بووەوە و هاتۆتە خوارەوە بۆپلەی 19 , راپۆرتەکە ئاماژەی بە کەم بوونەوەی سەربەستی رۆژنامەگەری لە فەرەنساو یابانیش داوە , تیرۆرزمی جیهانی کاری لە تەسک بوونەوەی ژیان لە هەموو بوارێک دا کردووە , لەو رۆژانە لە کەناڵی تەلەفزیۆنی (س.ب.س) هەواڵەکانی دنیا لە کەنەدا میزگردێک لە سەر ژیانی فرەکەلتووری(مەلتیکەلکەرلیزم) لەو ولآتانەی خەڵکی پەناهەندەو کۆچبەر ی ولاتانی ترلە ولآتی خۆیان بە هاولآتی قبولٚ دەکەن هەبوو, باسیان لەوە دەکرد کەوا دوای ئەم کارە تیرۆرستیانەی دوژمنانیان کە زۆربەیان کۆچبەرو پەناهەندەن لە سێبەری ئەوان دەیکەن وای کردووە ,ژیانی فرەکەلتووری چیتر ئیش نەکات, ئەمەش وای کردووە ئەوان گومان لە هەموو سەر رەشێک و موسلمانێک و خەڵکی رۆژ هەلآتی ناوەراست بکەن , لەبەر ئەوەی , وەرەقەکان تێکەڵ بووین , ئەوانیش ناحەق نین لە و( پارانۆییە)ی بەرامبەر مرۆڤی رۆژ هەلآتی توشی بوون . بۆیە زۆر جار قوربانی هەیە و ناساندن و لێک جیا کردنەوەی کێسەکان و وەرەقەکان و نەتەوەکان و ئاینەکان ئاسان نییە و ئیش کردنی دەوێت, کورد کە ئەمرۆ لە هەموو نەتەوەیەک زیاتر پێویستی بەوەیە ناسنامەی دیاربێت ,بەلآم تائێستا میدیای کوردی یان لۆبی کوردی کە هێشتا زۆر لاوازە ئیشی وای بۆئەم بابەتە نەکردووە, , ئەو حزبە کوردستانیانەی نووسینگەیان لە دەرەوەی ولآت هەیە زیاتر کار بۆ شتی حزبی رووت دەکەن و بە عەقلیەتی ناوەوەکوردستان کار دەکەن , کەزۆر جار لە دەرەوەی ولآت ئەم جۆرە ئیش کردنە واتای نییە . تیرۆرزمی جیهانی کاری کردۆتە سەر ژیانی هەموو کەسێک و پرەترسی وزەحمەتی کردووە, کاری لە ژیانی ئەو

منداڵە شیرە خۆرانەش كردووە كە بە فڕۆكە سەفەر دەكەن و دایک و باوكیان ناتوانن وەک و جاران مەمەی شیریان بۆ ببەنە شوێنی دانیشتنی ناو فڕۆكە, لە ماوەی ئەوهەشت ساڵەی من لە وڵاتی كەنەدام تاكۆ ئێستا گەر بەراوردی كەسیەتی ئیسلام بكەین دوای پەرەسەندنی كارە تیرۆرستیەكانیانی ئیسلامە توندرەوەكان(ئیكستریم)تا ئێستا كێرڤی كەسیەتی ئاینی ئیسلام زۆر زۆر دابەزیووە ! ,